کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 6-8-2007 23:45

## وەڵامێک بۆ نووسینەکانی کەمالی سەید قادر ... . تەنیاکوردی

لەوەتەی کەمالی سەید قادر لە هەولێر دادگایی کراوە.. !! بۆ خۆدزینەوە لەهەوڵی تۆمەتبارکردنی ئەزمونی سیاسی کوردستان دژ وەستاوە و پیلانی گێراوە.. ئەمجارە دەزگای پاراستن و.. پارتی دەکاتە ئامانجی دیاری کراوی خۆی، ئەمەشی بۆ قەرەبوو کردنەوەی دادگایی کردنی لەهەولێر هەروەك ئەوەی دانی پیادانا.. بۆ خستنە ڕووی ئەو ڕاستیانە فەرمون با لەسەکۆی مێژوو بڕوانین...
*کەمالی سەیدقادر ساڵی1914بەپەیوەندی نێوان بنەماڵەی خەبات گێڕی بارزانی و (کی جی بی) رووسیا دەکاتە تەوەری قسەکانی خۆی و دەیەوێت خەڵکانێکی پێ چەواشە بکات، گوایە بارزانی نەمر جاسوسی رووسیا بووە.. پرسیار ئەمەیە، زەرورەتی ئەوسای بنەماڵەی خەبات گێڕ.. لەپێناو چی جاسوسی بۆ رووسیا بکات.. ؟! دواتر مێژوو بەتۆ ناشێوێندرێت و هەم سیاسییەکان و رۆشنبیران باش دەزانن بارزانی لە دوای لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد یەکجار پەیوەندی بەرووسیا کردووە.. بۆ ئەوەی کاروانی شۆڕشی کورد بتوانێ هێزی نوێ بەردەوامی پێ بدات و نەوەی نوێی پێ گۆش بکات.. بارزانی نەمر ئەوسا بۆماوەی 54 رۆژ بەپێ رێگای بۆ رووسیا بڕی.. بۆ ئەوەی کە دەسکەوتی ئەمڕۆی کوردستانی لەخەباتی ئەیلول و.. گوڵان.. پێ وێنا بکات. بەڵام پێدەچێ کە کەمالی سەیدقادر بەبێ ئاگایی و.. وەك ئەوەی بەحاڵەتێکی نەخۆشی دەرونی قورسدا گوزەر دەکات چاوی ئەم راستیانە نەبینی و.. بەبوختانی سادە ئاسای و لەسەر حسێبی چەند ئاماژەیەکی مایە پوچ بیەوێ ناوبانگێك بۆ خۆی پەیدا بکات!! کەتەنیا ئەوانەی لە لە شوێنە ناتەندروستەکانی ئەوروپا کەوتبن و کاربکەن، چاوەڕێی ئەم جۆرە قسانەیان لێ دەکرێ.. !! ئەگینا واقیعی بارزانی نەمر خەباتێکی نەتەوایەتی و.. بەرهەمی کۆششی ئەوو پارتی و موساوەمە نەکردنییەتی بەدۆزی کورد. لەهەمان کاتدا کە گومڕایی کەمالی سەیدقادر، شەرەجنێوو.. هەراج کردنی نیشتیمانەو کەسیش بڕوای پێ ناکات!!
*کەمالی سەید قادر لەکاتێکدا دادگای هەولێر بەناشەرعی دەزانێت.. کەچی داوای بە دادگایی کردنی مەسرور بارزانی دەکات، لەهەمان دادگاش!! باشە تۆیەك کە دادگا و هەر شتێکی دیکەی ئەم وڵاتە بەوێرانە دەزانیت و پێت وایە رۆژانە سەدان کەس بەناهەق دەچنە ژێر پەتی سێدارە وەك ئەوەی لە بۆچوونە نامنتیقیەکانت دەردەکەوێت چۆن چۆنی بڕوات بەو دادگایە هەیە کە ئەوی لێ دادگایی بکرێت.. !! کەواتە تۆ نەخۆشییەکەت هێندە هێندە بە قورسی سەرتاپای داگیر کردویت کە لەبیری بردویتەوە لەبەرامبەر سێ رۆژنامەنووس بەبێ هیچ ترس و دڵەڕاوکێیەك چۆن وتت "خۆزگە گوم بخواردایە بەس لەوەزنی خۆمم کەم نەکردایەتەوە و جنێوی ناهەق و تۆمەتم لەسەر پارتی هەڵنەبەستایە!! ئەی ئەگەر خۆت نەفرۆشتوە و گومڕا نەبوویت چۆن وا بەئاسانی ئەمەت بیرچوو.. ؟! بەڵام پێدەچێ تۆ رابردووی خۆت بە پاساوی ئاژانسی پاراستن لەرێگەی جنێو فرۆشتنەوە بسڕیتەوە، کە دڵنیام ئەمەش چانس نابێ بۆ خۆ دەرباز کردن لەو پەتایە کوشندەیە و جارێکی دیکە گێڕانەوەی کەسایەتیت، چونکە کورد گوتەیەکی جوانی هەیە کە دەڵێت "حەیا قەترەیەکە کە ڕژا کۆناکرێتەوە".. !!
*کەمالی سەیدقادر سێکس و.. پاراستن و.. جاسوسی و.. کوشتن، لەناو یەك فۆرم تێکەڵ بەیەکتری دەکات و بەهەوەسی خۆی بەوشەی خواستراو جەبانی خۆی ریز دەکات و.. ئەگینا کەمالی جنێوفرۆش رێزی ئەو دکتۆرایەی دەگرت کەلەپێش ناوی دێت و کاتێکیش خەڵك گوێبیستی ئەو ناوە دەبێت یان بە شێتی ناو دەبات یاخود بەکەسێکی دوور لە هەستی کوردانەو.. بێ ئاگایەکی سەر شەقامەکانی ئەوروپا.
*جەنابی خۆ فرۆش.. خۆ ئەمڕۆ لەکوردستان ئەقڵیەتی ئاغایەتی بەسەر چووە.. !! چونکە یاسا بەرقەرارە و ئاستی گەنج و خەڵکە رۆشنبیرەکە گەواهی ئەم راستییەن، بەڵام نەخۆشێکی وەك تۆی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

راكردوو بۆ ئەوروپا ناهەقت ناگیرێ كە لەكاتی ترس.. دان بەراستییەكان بنێیت و.. لەكاتێ كە كوێخاكانیشت لە هەر كوێیەك بن پرۆگرامت دەكەن وەك چۆن دەتكەن بەكەرەستەیەكی تری مەزە بۆكات بەسەربردن، هەر ئاوەهاش هانت دەدەن سوكایەتی بەنەتەوەكەی خۆت بكەی.. ئەگینا رووسیاو.. سێكس و.. ئەمڕۆی واقیعی حاڵ كوجا مەرحەبا.. !! ئەگەرچی گەنجی كورد وایدەزانی كەمالی سەیدقادر بە سەقافەتێكی تژیی ئەوروپایی و بە ئەقلێكی مۆدێرن و.. مەنتیقێكی شیاو.. دێتەوە كوردستان و تەكانێك رووە و پێش هەنگاو دەنێ، هەڵبەت نەك ئەوەی لە خەیاڵی خۆمان وێنامان كردبوو بەڵكە نەمانزانی ئەقلی گلاَو دەبێت و.. جنێو جوانترین رۆشنبیریەتی ئەو دەبێت بە شوێنگرەوەی مەعریفە!! بۆیە هیوادارم كەمالی سەیدقادر چیتر بەدوای خەیاڵی ناحەزان نەكەوێت و.. بەڵكە كەمێك لە ئەو هەموو حەیا رژاوییەی تەنانەت مشتێكی چنگ كەوێتەوە!!.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.